بەش: سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

**بابەت : هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن**

قۆناغی سێیەم

(وانەی سەربار بۆ قوتابیانی وەرگیراو لە خوێندنی ماستەر )

کۆرسی دووەم

ناوی مامۆستا : م. ی. مەرزن جمال حسن

ساڵی خوێندن

(2024 - 2023)

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی كۆرس | هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن/ كۆرسی دووەم |
| 2. ناوی مامۆستای بەرپرس | م. ی. مەرزن جمال حسن |
| 3. بەش/ كۆلێژ | بەشی سیستەمە سیاسییەكان وسیاسەتی گشتی/ كۆلێژی زانستە سیاسییەكان |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: marzan.hasan@su.edu.krd<br>مۆبایل:07517045661 |
| 5. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ( 2 ) دوو كاژێر |
| 6. کاتژمێرەکانی کارکردن | |
| 7. كۆدی كۆرس | |
| 8. پرۆفایلی مامۆستا | ماستەر لە سیستەمە سیاسیەكان<br>زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر/ كۆلێژی زانستە سیاسییەكان(٢٠١٩)<br>بەكالۆریۆس لە زانستە سیاسییەكان<br>زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر/ كۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەكان(٢٠١٢) |
| 9. وشە سەرەكیەكان | هەڵبژاردن، هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن، بانگەشەی هەڵبژاردن، كێبركێی سیاسی. |

**10. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

ئەم بابەتە چەمك، ڕەگەزەكان و ئامانجەكانی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن لە خۆ دەگرێت، هەروەها باس لە گرنگترین قۆناغكانی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن دەكات. لەم وانەیەدا سەرەتا باس لە چەمكی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن دەكەین و بنچینەی چەمكەكە لە ڕووی زمانەوانی و چەند پێناسەیەكی هەڵمەتەكان دەخەینە ڕوو، دواتر باس لە گرنگترین ڕەگەزەكانی كە هەڵمەتەكان پێكدەهێنن دەخەینە ڕوو، هەروەها باس لە ئاماژەكانی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن دەكەین.

بێگومان هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن چەند قۆناغێكی جیاواز لە خۆ دەگرێت وەكو: قۆناغی ئامادەكاری پلاندانان، قۆناغی هەڵمەت و بانگەشەی هەڵژاردن، قۆناغی ڕۆژی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن . ئەم قۆناغانە بە ووردی باس دەكەین و لە كۆتایشدا باس لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان دەكەین بە پێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان.

**11. ئامانجەكانی كۆرس**

١-ئاشناكردنی قوتابی بە چەمک و پێناسەی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن.

٢-ڕوونكردنەوەی ڕەگەز و ئامانجەكانی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن.

٣- فێربوون لە بارەی پرۆسەی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەڵمەتێكی كاریگەر.

٤. تێگەیشتن لە تەكتیكەكانی سەركەوتنی كاندید و پارتی سیاسی لە ڕێگای هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن و هەڵمەتێكی كارا.

**12. ئەركەكانی قوتابی**

ئەركی قوتابی لەم كۆرسە بریتییە لە: ئامادەبوون لە هۆڵەكانی خوێندندا لە كاتی خۆیدا. خۆئامادەكردنی قوتابی بۆ هەر بابەتێكی نوێ. پێویستە قوتابی رۆژانە پێش وانە، بابەتە دیاریكراوەكان بخوێنێتەوە تا ئاسانتر لێیان تێبگات. پێویستە قوتابی لەكاتی دیاریكراو لە پۆلدا ئامادەبێت و بەشداری بكات لە چالاكی و گفتوگۆكانی پۆلدا. قوتابی پێویستە بەشداری كویز و تاقیكردنەوەكانی بابەت بكات

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

لەم كۆرسەدا مامۆستا پشت دەبەستێت بە چەند ڕێگایەكی جیاوازی وانە وتنەوە وەكو، وانە وتنەوەی ناو پۆل(lecture)، هەروەها بەكارهێنانی داتاشۆ و وایتبۆرد بۆ ڕونكردنەوەی ناونیشان و بابەتەكان. هەروەها دروستكردنی گروپ و گفتوگۆی ئاكادیمی و بەشداری پیكردنی قوتابیان.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

بە درێژایی ئەم كۆرسەی خوێندن، تاقیكردنەوەیەكی وەرزیی ئەنجام دەدرێت لەسەر 30% نمرە، هەروەها 10 % نمرەش لە رێگەی كویزی رۆژانە وچالاكی بەردەوامی قوتابی هەژمار دەكرێت بەم جۆرە تێكرای نمرەی كۆشش دەبێتە 40 نمرە. لە كوتایی كۆرسی خوێندن تاقیكردنەوی كۆتایی بابەتەكە ئەنجام دەدرێت كە 60% نمرەی لەسەرە.

**16. لیستی سەرچاوە**

١- جوتیار عادل ئاكرەیی، بەڕێوەبردنی شاڵاوەكانی هەڵبژاردن (بنەما، ڕێسا، ستراتیجیەت)، وەرگێرانی هێمن میرانی، پەیمانگای كوردستان بۆ پرسە سیاسییەكان، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢- د. خامۆش عمر عبدالله، چوارچێوەی دەستوری و یاسایی هەڵبژاردن، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦.

٣-د. محمد منیر حجاب، إدارة الحملات الانتخابیة، طریقك للفوز في الانتخابات، دار الفجر، القاهرة، ٢٠٠٧ .

٤-براین أوداي، دلیل إعداد الحملات السیاسیة الإنتخابیة، المعهد الدیمقراطي الوطني، لبنان، ٢٠٠٤.

| **17. بابەتەكان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| **ئاشناكردنی قوتابی بە كۆرسبووكی وانەكە** | م. ی. مەرزن جمال<br>هەفتەی یەكەم |
| **یەكەم/ چەمكی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن**<br>-چەمک و پێناسەی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن<br>- رەگەزەكانی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن<br>-ئامانجەكانی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن | هەفتەی دووەم |
| **دووەم/ قۆناغی ئامادەسازی و پلاندانان بۆ هەڵبژاردن**<br>أ/ گروپی كار -پێكهێنانی گروپی كار | هەفتەی سێ یەم |

| | |
|---|---|
| -خەسڵەتەکانی گروپی کار<br>-ئەرکەکانی گروپی کار | هەفتەی چوارەم |
| ب/ کێشانی نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی | هەفتەی پێنجەم |
| لێکۆلینەوەی رەفتاری دەنگدەر لە بازنەکە و دیاریکردنی ستراتیژی جوڵە | هەفتەی شەشەم |
| **سێیەم/ قۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردن**<br>**أ/ هەڵمەت و بانگەشەی هەڵبژاردن (-ئامرازەکانی بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردن**<br>-لێهاتوویی بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردن | هەفتەی حەفتەم |
| -ئەو هۆکارانەی کاریگەرن لە سەرکەوتنی بانگەشەی هەڵبژادن | هەفتەی هەشتەم |
| **ب/لێهاتوویی پاڵێوراوەکان**<br>**١.لێهاتوویی مامەڵەکردن لەگەڵ دەنگدەران**<br>-پەیوەندیکردن لەگەڵ دەنگدەران<br>-هاندانی دەنگدەران بۆ بەشداریکردن<br>-پێشخستنی ئاواتی پاڵیوراو بە بەردەوامی | هەفتەی نۆیەم |
| **٢.لێهاتوویی مامەڵەکردن لەگەڵ رکابەرەکان**<br>**-**مامەڵەی دروست لەگەڵ هەڵمەتەکانی بەرامبەر<br>-بەرەنگاری و ڕیگرتن لە پەرشوبڵاوکردنی دەنگەکان<br>-چوونە ناو هاوپەیمانی ئەگەر پێویستی کرد | هەفتەی دەیەم |
| **چوارەم/ قۆناغی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن**<br>١. رۆژی هەڵبژاردن<br>٢.قۆناغی دوای رۆژی دەنگدان و هەڵبژاردن | هەفتەی یانزەم و دوانزەهەم |
| هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان | هەفتەی سێنزدەم |
| **تاقیکردنەوەی میدتێرم** | هەفتەی چواردەم |
| **تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس** | هەفتەی پانزەهەم |
| **18.** بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت).<br>بابەتە پراکتیکیەکانی کۆرسەکەمان خۆی لە گفتوگۆ و سیمیناری قوتابی دەبینێتەوە | |

| |
|---|
| **19. تاقیکردنەوەکان**<br>نمونەی پرسیارەکان:<br>١-پێناسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بکە و گرنگترین رەگەزەکانی دیاری بکە؟<br>٢- ئامانجەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ڕوونبکەرەوە؟ |
| |
| 20. پێداچوونەوەی هاوەڵ<br>ئەم پەرتووکی کۆرس بووکە (   ) شیاوە و بە ووردی و زانستي پركراوەتەوە.<br>هاوەڵ |